بسم الله الرحمن الرحيم

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

زانكۆی سەلاحەددین–هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# تاوانناسی


**م.ی توانا عثمان محمدامين**

**قۆناغی سێیەم – كۆمەڵناسی**

twanaosman357@Gmail.com

**Mobile :07504859088**


Criminology


CRIME
CRIMINOLOGY
NDIVIDUAL
THEORIES
THOUGHT
CRIMINAL
CONSIDERED
COMES
SCHOOLS
THINGS
CONTROL
PEOPLE
AREA
BEGAN
SIDE
PLACE
WITHIN
INDIVIDUALS
POSITIVISTS
SCHOOL
SOCIETY
BEHAVIOR
GENERATIONS
HEDONISTIC
MAY
SOCIAL
PERSON
RATIONAL
CRIMINOLOGISTS
ENVIRONMENT
CAUSES
MAKEUP
BELIEVE
ORDER

**تیۆری لاسایکردنەوە Imitation theory:**

- گابریل تارد، کۆمەڵناسی بەناوبانگی فەرەنسی و دەرچووی زانکۆی پاریس؛ داڕێژەری ئەم تیۆریە.

- تارد، نوسەری چەند کتێبێکە لەسەر تاوان وەك (تاوانی بەراوردکای Comparative Criminality) لە ساڵی( 1890)، (یاساکانی لاسایکردنەوە The laws of imitation)، (فەلسەفەی سزا) لە ساڵی(1895)، (توێژینەوە سزایی و کۆمەڵایەتییەکان) لە ساڵی (1891) ... هتد).

- هەموو جۆرە ڕەفتارێکی مرۆڤ جۆرێکە لە لاسایکردنەوە، پاڵ بە خەڵکییەوە دەنێت بۆ دوبارەکردنەوەی.

- **لاسایکردنەوەش پشت بە سێ یاسای چەسپاو دەبەستێت کە بریتین لە:**

- **یاسای یەکەم: تاکەکان بەهۆی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە لاسایی یەکتر دەکەنەوە:**

- لەشاردا تاکەکان زیاتر لاسایی یەکتر دەکەنەوە؛ بەڵام لە گوند ڕەهەندی کارتێکردن کەمە بۆیە لاسایکردنەوە کەم و لاوازە.

- تاك هەرچەندە لە **گروپی زۆرتر** ئەندام بێت، ئەوەندە **زۆرتر** لاسایی دەکاتەوە، چەند **پەیوەندی نزیکتربێت** ئەوەندە **بەهێزتر** لاسایی دەکاتەوە.

- **یاسای دووەم: لاسایکردنەوە لە بەرزەوە بۆ نزم دێت:**

- هەژار لاسایی دەوڵەمەند دەکاتەوە، بچوك لاسایی گەورە دەکاتەوە، فەرمانبەسەرکراو لاسایی فەرماندە دەکاتەوە، گەل لاسایی سەرکردە دەکاتەوە.

- بۆنمونە: گەندەڵی، مەی نۆشین، ساختە و بەرتیل خۆری، بەکرێ گرتنی پیاوکوژ، ڕابواردن لەگەڵ لەشفرۆش،.... هەمووی سەرەتا کاری دەسەڵاتدار و پاشا و چینی پلەبەرزەکانی کۆمەڵگەیە؛ بەڵام بەهۆی لاسایی کردنەوەوە هەموو گەل فێری ئەم کردەوانە دەبێت.

- هەتا تاك خاڵی هاوبەشی زیاتر بێت لەگەڵ سەرکردەکان، زیاتر لاساییان دەکاتەوە.

**یاسای سێ یەم: یاسای ئاوێتە بوون یان تێکهەڵکێشبوونی نەریت و مۆدێرن :**

- واتە جێگرتنەوەی شێوە و ستایلێك بە یەکێکی دیکە.
- بۆ نمونە: کوشتن بە چەقۆ یان شمشێر وەك کەرەستەی تاوانکاری لەلای زۆربەی گەلان بەکارهاتووە.
- کاتێك ئامرازێکی تازەی وەك دەمانچە دروستکرا ئەوا جۆری کوشتن و تاوانیش گۆڕا.

**پێنجەم: ئەلبەرت کۆهین :**

- کۆمەڵناس و تاوانناسێکی ناوداری ئەمریکییە؛ لە نێوان( 1918 – 2014 )ژیاوە:

- کۆهین سەرۆکی کۆمەڵەی تاوانناسانی ئەمریکا بوو لەنێوان ساڵانی( 1984 – 1985 )، بۆ ماوەی دوو ساڵ قوتابی تالکۆت پارسۆز بوو و لەژێر سەرپەرشتی پارسۆنزدا تێزی دکتۆراکەی لەزانکۆی هارڤارد نوسی؛ لە ساڵی 1951 تەواوی کرد پاشان لە 1988 خانەنشین کرا.

- ئەو پێیوایە، کاتێك تاك لە شوێنێك دەژی کە وردە کەلتوری تاوانکاری تێدایە؛ تاك بەهۆی فێربونەوە فێری تاوان دەبێت.

- ئەوانەی **هەمان دۆخی ژیانیان هەیە** بەگشتی **هەمان ڕەفتار و چارەنوسیان** هەیە.

**تیۆرەکەی لە بواری تاوانناسی ناوی (کۆڕانی تاوانبار- Delinquante Boys)ە :**

- ئەم تیۆرە نایەوێت شیکردنەوە بۆ هەموو تاوانەکانی کۆمەڵگە بکات؛ بەڵکو تەنها بەدوای ئەو هۆکارەدا دەگەڕێت کە ئایا بۆچی زۆربەی تاوانکاران لە **چینی خوارەوەی کۆمەڵگەن**؟

- کۆهین لە کۆتایی توێژینەوەکەیدا گەیشتە ئەو باوەڕەی کە:

- منداڵان پێش ئەوەی بچنە قوتابخانە لە ژیانی ماڵەوەیاندا لەجیهانی خەیاڵدا دەژین و خەون بە ئاسۆیەکی ڕونەوە دەبینین، جیهان وەك بەهەشتێکی بچکۆلەیە لەبەرچاویان. بیرلەوە دەکەنەوە کە گەورەبون ژیانیان چۆن بێت و **چۆن خەونەکانیان بەدی بهێنن**!!.

- ئەم خەونانە لە **کۆمەڵگەوە بەتاك دەدرێت**، هیوا و ئامانجەکان لەکۆمەڵگەوە لە دڵی تاك دەچەسپێت، منداڵ لە چاوی خۆیەوە سەیری ژیان دەکات و **لە بەربەست و ئاستەنگەکان تێناگات.**

کاتێك ئەم **منداڵانەی چینی خوارەوە،** دەچنە قوتابخانە و پاشان دەبنە هەرزەکار، **چەندین بەربەرست و لەمپەر دێتە پێشیان.**

- وەك (هاوڕێکانیان ئاستی ئابورییان باش نییە، دایك و باوکی ئەم هەرزەکارانە بەگشتی خوێندەوار نین، یان کاتێك یەکێك (دایك، باوك) گیان لەدەست دەدەن ژیانی ئەمانە قورستر دەبێـت، هەندێك جاریش لەوانەیە منداڵەکان کاربکەن و ئەندامی خێزانیان زۆرە، منداڵ و هەرزەکارەکان ژوری تایبەت بەخۆیان نییە، ناتوانن کرێی خوێندن بدەن تاکو بچنە قوتابخانەی تایبەت و نمونەیی....).

- دواجار بەهۆی ئەم **بەربەستانەوە** ئەم گەنجانە ناتوانن سەرکەوتوو بن لەخوێندن و هەموو پۆلەکان ببڕن.

**لەکۆتایدا بەگشتی دەبنە سێ دەستە:**

**١- کوڕی کۆلێژ College Boys:**


- ئەمانە بەهاوکاری ماڵەوەیان، بەهۆی پێداگری خۆیان، دەتوانن بەسەر هەموو ئاڵەنگارییەکان زاڵبن و زانکۆ تەواو بکەن.
- ئەمانە کەمینەی چینی خوارەوەن و دەیانەوێت ببنە ئەو کەسەی کە **کۆمەڵگە پەسەندیان** دەکات.
- **بڕوانامە** دەرفەتیان دەداتێ تاکو بتوانن **ژیانێکی باشتر** بۆخۆیان دروست بکەن، ئەمانە بەهۆی ئەوەی **بڕوانامەیان** هەیە و **قوربانییەکی** زۆریان داوە، دەتوانن ببنە **کەسێکی سەرکەوتوو و دوور دەبن لە تاوان.**

**٢- کوڕانی سەرشەقام Corner boys:**

- ئەمانە واز لەخوێندن دەهێنن، دەرفەت و کاتەکانیان لەدەست دەدەن.
- چانس و ژیانێکی سنورداریان هەیە.
- کاری پچڕ پچڕ و کەم داهاتی دەبێت، بەگشتی ژیانێکی هەژارانەیان دەبێت و لای کەسێك کاردەکەن، دەبنە کرێکار و خزمەتگوزار لە کۆمەڵگە.

### ٣-گەنجانی لادەر Delinquent Boys:

- ئەمانەش واز لەخوێندن دەهێنن، هاوڕێی خراپیان دەبێت، حەزی هەبون و ژیانی خۆش وایان لێ دەکات بیر لە تاوان و لادان بکەنەوە.
- دەزانێت دەرفەتە ڕەواکانی لەدەست چووە و ناتوانێت ئەوشاتانەی هەبێت کە بەمندالّی خەونی پێوە بینیوە.
- بەلاّم دەشیەوێت ئەوشتانەی هەبێت کە کۆمەلّگە بۆ تاکی دیاری دەکات و ناتوانێت دەست بەربدات لە خەونەکانی مندالّی.
- بۆیە پەنادەباتە بەر تاوان و لادان، بۆیە دژی کۆمەلّگە دەوەستێتەوە و تۆلّە لە کۆمەلّگە دەکاتەوە چونکە ئەمی لە ژیانێکی خۆش و دەرفەتە ڕەواکان بێبەری کردووە.


گەنجەکانی چینی خوارەوەی کۆمەڵگە لە ڕوانگەی ئەلبەرت کۆهین
کوڕی کۆلێژ
کوڕانی سەرشەقام
کوڕانی لادەر و تاوانکار

# بەهیوای سەرکەوتن

